www.hetaw.net
ژمارە (٨٦٢) چوارشەممە ٧ی تەمموزی ٢٠١٠ی زایینی
ئاڵای ئازادی هەموو چوارشەممەیەک

**دوای ئەوەی کە ٩٩ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لەشاری دیاربەکر داوایان لەحکومەتی تورکیاو پەکەکەش کرد کەپێکەوە کۆتایی بەجەنگ لەدژی یەکتری بهێنن،٥٥ ڕێکخراوی مەدەنی شاری "مووش"ی باکوری کوردستانیش داوای دەرکردنی لێبوردنی گشتییان بۆ ئەندامانی پەکەکە کرد**

# تورکیا دەڵێت پەکەکە هێڵێکی نەوتی نێوان وڵاتەکەیو عێراقی تەقاندۆتەوە

ئا: ئاڵای ئازادی



بەرپرسانی تورکیا پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بەتەقاندنەوەی بۆری گواستنەوەی نەوتی کەرکوک – جەیهان تۆمەتباردەکەن.

هێڵی گواستنەوەی نەوتی کەرکوک بۆ بەندەری جەیهانی تورکیا لەکاتی حکومەتی پێشووی عێراقدا دروستکراوەو ڕۆژانە نزیکەی ٥٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی کەرکوک دەگوازێتەوە بۆ بەندەری جەیهانی تورکیاو لەوێشەوە ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان دەکرێت.

بەپێی ئاژانسەکانی هەواڵی تورکیا، حکومەتی تورکیا پەکەکەی بەوە تۆمەتبار کردووە کە شەوی شەممە لەنزیک شارۆچکەی "میدیات" سەر بەشاری ماردین بۆری گواستنەوەی نەوتی کەرکوک بۆ جەیهانی تەقاندۆتەوە، بەڵام تا ئێستا پەکەکە بەرپرسیاریی ئەو کردەوەیەی لەئەستۆ نەگرتووە.

هەرچەند تیمەکانی ئاگرکوژێنەوەی تورکیا دوای ماوەیەک توانیان ئاگرەکە بکوژێننەوەو بۆریە نەوتەکەش چاک کراوەتەوە، بەڵام تەقینەوەکە زیانێکی زۆری بەپرۆسەی گەیاندنی نەوتی کەرکوک بەتورکیا گەیاندوە.

پێشتریش چەندینجار گروپە توندڕەوەکان لەناو خاکی عێراق ئەم بۆرییەیان تەقاندۆتەوە کە لەشاری کەرکوکەوە نەوت بۆ بەندەری جەیهانی تورکیا دەگوازێتەوە.

تەقاندنەوەی بۆری نەوتی کەرکوک – جەیهان لەکاتێکدایە کەسەرۆکی حکومەتی هەرێم وتویەتی لەگفتوگۆدان بۆ ئەوەی ببنە بەشێک لەپڕۆژەی نابۆکۆ بەمەبەستی گواستنەوەی غازی هەرێم بۆ ئەوروپا، کەتێیدا هێڵی نەوتی کەرکوک – جەیهان ڕۆڵی گرنگ دەبینێت.

دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ کەناڵی (سی. ئێن. ئێن) ڕایگەیاند، حکومەتی هەرێم لەگەڵ لایەنە بەشداربووەکانی پڕۆژەی نابۆکۆ لەدانوستاندایە بۆ ئەوەی غازە سرووشتیەکەی هەرێم لەڕێگەی تورکیاوە ڕەوانەی وڵاتانی ئەوروپا بکرێت.

بەرهەم ساڵح لەلێدوانەکەیدا مەزەندەشی کردووە، ڕێژەی غازی سرووشتی هەرێمی کوردستان ٣ تا ٦ تریلیۆن مەتری سێجا بێتو وتووشیەتی، لەروانگەی ئابووریی‌و ستراتیژییەوە پێیوایە دەبێ بەشێکبن لەپڕۆژەی گواستنەوەی غازی نابۆکۆ.

جێی ئاماژەیە پڕۆژەی نابۆکۆ گەلاڵەیەکە بۆ گواستنەوەی غازی سرووشتی لەئازەربایجانو ئاسیای میانەوەو بۆ ئەوروپاو بڕیاریشە لەساڵی ٢٠١٦وە پڕۆژەکە دەستبەکار بێتو پێشنیاریشکراوە کەغازی سروشتی عێراقو هەرێمی کوردستانیش لەتەنیشت هێڵی کەرکوک- جەیهانەوە ڕەوانەی ئەوروپا بکرێت.

# بانگەوازی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

ئا: ئاڵای ئازادی

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەباکوری کوردستان بەردەوامن لەبانگەوازەکانیان بۆ کۆتایی هێنان بەجەنگی پەکەکەو سوپای تورکیا.

دوای ئەوەی کە ٩٩ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لەشاری دیاربەکر داوایان لەحکومەتی تورکیاو پەکەکەش کرد کەپێکەوە کۆتایی بەجەنگ لەدژی یەکتری بهێنن،٥٥ ڕێکخراوی مەدەنی شاری "مووش"ی باکوری کوردستانیش داوای دەرکردنی لێبوردنی گشتییان بۆ ئەندامانی پەکەکە کرد.

بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی ڕادیکاڵ، ٥٥ ڕێکخراوی مەدەنی شاری "مووش" لە کوردستانی تورکیا بەدەرکردنی بەیاننامەیەکی هاوبەش داوایان لەحکومەتی وڵاتەکەیان کردووە بۆ مسۆگەر بوونی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لەتورکیا لێبوردنێکی گشتی بۆ ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان دەربکرێت.

لە بەیاننامەکەدا بێجگە لەمە داواشکراوە، هەر دوولا ئۆپەڕاسیۆنو هێرشەکانیان بوەستێننو حکومەتیش دەستوورێکی مەدەنیو دیموکراتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد ئامادە بکات.

ڕێکخراوە مەدەنیەکانی شاری مووش جەختیان لەسەر ئەوەشکردووە، پێویستە تورکیا دان بەمافی خوێندنو نووسین بەزمانی زکماکیدا بنێتو ناوی سەرجەم شارو گوندو ڕووبارەکانی کوردستانی تورکیاش ببێتەوە بەکوردی.

جێی ئاماژەیە پێشتریش ڕێکخراوەکانی مەدەنی شاری دیاربەکر داوایان کردبوو، ئاگربەستێکی دوو لایەنە ڕابگەیەندرێتو کێشەکە بەدانوستان چارەسەر بکرێت.

غالیب ئەنساری ئوغڵو سەرۆکی ژووری بازرگانی دیاربەکر کە بەناوی ٩٩ ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە لەدیاربەکر بەیاننامەیەکی خوێندەوە وتی: پێویستە سوپای تورکیا دەسبەجێ واز لەئۆپەڕاسیۆنەکانی بهێنێو پەکەکەش بێ مەرج کۆتایی بەچالاکییە چەکدارییەکانی بهێنێ.

چەند سەرچاوەیەکی نزیک لەپارتی کرێکارانی کوردستانیش دوای ڕاگەیاندنی ڕێکخراوەکان ڕایانگەیاند کەپێویستە ئەوان بانگەواز بۆ حکومەت بکەن نەک بۆ پەکەکە، چونکە پەکەکە تا ئێستا چەندینجار ئاگر بەستی ڕاگەیاندووە، بەڵام حکومەت هیچی نەکردوە.

# جەمیل چیچەک: کەی بمانەوێ سنوور هەرێمی کوردستان دەبەزێنین

ئا: ئاڵای ئازادی

جەمیل چیچەک جێگری سەرۆک وەزیری تورکیا ڕایگەیاند کە ئەوان هەرکات بەپێویستی بزانن سنووری باکووری عێراق دەبەزێنن.

جێگری سەرۆک وەزیری تورکیا ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە بەپێی بڕیارێکی پەرلەمانی وڵاتەکەی هەر کات بەپێویستی بزانن بۆیان هەیە لەهەرێمی کوردستان ئۆپەڕاسیۆن ئەنجام بدەن.

جەمیل چیچەک جێگری سەرۆک وەزیری تورکیا لەکۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا سەبارەت بە ئەگەری ئەنجامدنی ئۆپەڕاسیۆنێکی سەربازی بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانو لێدانی بنکەکانی پەکەکە وتوویەتی، لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧دا پەرلەمانی تورکیا بڕیارێکی پەسەندکردووەو تێیدا ڕێگەی بەسوپای ئەو وڵاتە داوە هەر کاتێک بە پێویستی بزانێت بە مەبەستی ڕاوەدوونانی چەکدارانی پەکەکە هێرش بکاتە سەر ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان.

جەمیل چیچەک ڕوونیشی کردۆتەوە، ئێستاش ئەم بڕیارە کاری پێدەکرێت و سوپای تورکیا بەگوێرەی پێویست و بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەت هەنگاو دەنێت.

لەلایەکیتریشەوە ئیلکەر باشبوغ فەرماندەی گشتی سوپای تورکیا وتی کەدەبێ هێرش بکرێتە سەر بنکەکانی پەکەکە لە باکووری عێراق.

سەرۆکی ئەرکانی گشتی سوپای تورکیا ئەوەشی ڕاگەیاند، کە تاکە ڕێگای سەرکەوتنی وڵاتەکەی بەسەر پەکەکەدا، پەلاماردانی بنکەکانی پەکەکەیە لەناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان کە ئەو بە باکوری عێراق ناوی برد.

ئیلکەر باشبوغ سەرۆکی ئەرکانی گشتی سوپای تورکیا لەمیانی گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەوانیدا بەرۆژنامەی "یەنی شەفەق"ی وتووە، تاکە ڕێگای سەرکەوتنی تورکیا بەسەر پارتی کرێکارانی کوردستاندا ئەوەیە کەبنکەو حەشارگەکانی ئەو پارتە لەناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان پەلامار بدرێن.

باشبوغ لەمیانی وتەکانیدا ئاماژەی بەوەشکردووە کە ئەوان خۆیان بۆ ئەنجامدانی ئۆپەڕاسیۆنێکی بەرفراوان دژی هێزەکانی پەکەکە ئامادە دەکەن.

سەرۆکی ئەرکانی گشتی سوپای تورکیا دانی بەوەشدا ناوە، تا درەنگانی شەو ناتوانێ بخەوێت و چاوەڕوانی ئەو هەواڵو زانیارییانەیە کە بەوتەی خۆی لەباشووری خۆرهەڵاتی تورکیاوە پێی دەگەن.

لەلایەکی ترەوە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک وەزیری تورکیا داوای چۆڵکردنی بنکەکانی پەکەکەی کرد کە لەهەرێمی کوردستانن.

سەرۆک وەزیری تورکیا بۆ گوشار خستنە سەر پەکەکە چەند پێشنیارێکی پێشکەش بە باراک ئۆباما سەرۆکی ئەمریکا کردووە.

ڕۆژنامەی سەباح لەهەواڵێکدا بڵاوی کردۆتەوە، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک وەزیری تورکیا لەمیانی دیدارەکەی چەند ڕۆژ لەمەوبەریدا لەگەڵ باراک ئۆباما سەرۆکی ئەمریکا، داوای چۆڵکردنی بنکەکانی پەکەکەو داخستنی ڕێگاکانی لۆجستیکی ئەو پارتەی کردووە لەهەرێمی کوردستاندا.

ئەردۆغان خوازیاریش بووە، وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا ئەندامانی پەکەکە دەستگیر بکەنو ڕادەستی تورکیایان بکەنەوەو هاوکات داوای لەسەرۆکی ئەمریکا کردووە، ناوی چەند سەرکردەیەکی پەکەکە بخاتە ناو لیستی بازرگانانی مادە هۆشبەرەکانەوە.



جێی ئاماژەیە پێشتریش سەرۆک وەزیری تورکیا لەچەند دیدارێکی تردا ئەم داواکارییانەی خستبوە بەر باسو گفتوگۆ.

سەرۆک وەزیری تورکیا ڕەجەب تایپ ئەردۆغان ئەوەشی وتوە کە، پارتی کرێکارانی کوردستان بەشێک لەخاکی باکووری عێراقی داگیرکردووە.

بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی حورپییەت، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک وەزیری تورکیا لەمیانی کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا کە لە پەراوێزی دانیشتنەکەی وڵاتانی گروپی ٢٠ ڕێکخرابوو ڕایگەیاند، پەکەکە بەشێک لەخاکی باکووری عێراقی داگیرکردووە.

ئەردۆغان ئاماژەی بەوەشکرد، ئەمە لەلایەک گومان دەخاتە سەر یەکپارچەیی خاکی عێراقو لەلایەکی دیکەش بەواتای ئەوەیە کە هێزێک بەشێک لەخاکی عێراق خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

سەرۆک وەزیری تورکیا لەدرێژەی وتەکانیدا ڕایگەیاند، پێویستە حکومەتی ناوەندی عێراق و یانیش حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەجێ بگەیەنن.

هاوکات لەگەڵ ئەوانەشدا کەمال قلْچدار ئوغڵو سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری تورکیا کە گەورەترین پارتی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتەیە سەردانی ئەوسەنگەرەی کەکرد کەماوەیەک بەرلەئێستا دوای هێرشەکەی چەکدارانی پەکەکە، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەردانی کردبوو.

قلْچدار ئوغڵو لەسەنگەرەکەدا خۆی نەچەماندبوەوەو ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە ئەردۆغان لەو سەنگەرەدا لەترسی گوللەی چەکدارانی پەکەکە خۆی چەماندبوەوە.